# ئەگەر مانگێکی نوێی ببینیایە دەیفەرموو: ( اللهم أهله علينا بالأمن والإيمان )

لە تەڵحەی کوڕی عوبەید اللەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر مانگێکی نوێی ببینیایە (لە ئاسماندا)، دەیفەرموو: «(اللّهمَّ أهِلَّهُ علينا بالأمْن والإيمان، وَالسَّلامَةِ وَالإسلامِ، ربِّي وربُّكَ اللهُ، هِلالُ رُشْدٍ وخيرٍ)*». *(واتە: خودایە، -بینینمان بۆ ئەم مانگە نوێیە- پەیوەست بکە بە -بەخشینی- ئەمن وئاسایش وئیمان -باوەڕ-، وسەلامەتی وئیسلامەتی -بە ئێمە-، -ئەی مانگ- پەروەردگاری من وتۆ اللە یە، -خودایە- ئەم مانگە ببێتە هۆی هێنانی هیدایەت وخێر)

[صەحیحە] [ئیبنو ئەبی شەیبە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر مانگێکی نوێی ببینیایە (لە ئاسماندا)، لە شەوی یەکەم یان دووەم یان سێیەم، ئەم نزا مەزنەی دەفەرموو، بۆئەوەی خودا بیپارێزیت وئەمن وئاسایشی پێببەخشێت بەرامبەر مەترسیەکان لە دینداری ودونیادا، وهەروەها داواکردنە لە خوای گەورە بەوەی ئیمانی (باوەڕی) پتەو وجێگیر بکات، وئەو شتانەی لێ دووربخاتەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی لەسەر ڕێگای ڕاست دووربکەوێتەوە، وهەروەها داواکردنە لە خوای گەورە بەوەی سەلامەتی وپابەندبوون لەسەر ئیسلامی پێببەخشێت، داواکردنی ئەمن وئاسایش وسەلامەت واتا داواکردنەوەی بەوەی خوای گەورە هەموو زیان وناڕەحەتیەکی لێ دووربخاتەوە، وداواکردنی سەلامەتی وپابەندبوون لەسەر ئیسلام واتا داواکردنە لە خوای گەورە بەوەی هەموو خێر وسوودێکی پێببەخشێت، وپاشان نزاکە کۆتایی پێدێت وبە مانگەکە دەڵێت: (-ئەی مانگ- پەروەردگاری من وتۆ اللە یە، -خودایە- ئەم مانگە ببێتە هۆی هێنانی هیدایەت وخێر:ربي وربُّكَ اللهُ، هِلالُ رُشْدٍ وخيرٍ): ئەمیش ئاماژە کردنەوە بەوەی خودا هیچ هاوبەشێکی نییە لە خوڵقاندن وبەڕێوەبردنی گەردووندا، نە مانگ ونە هیچ شتێکی تر، بۆیە هەر تەنها ئەویش بە هەق وڕاستی شایەنی پەرستنە، وداوا لە خوای گەورە دەکات کە ئەم مانگە ببێتە هۆکاری هێنانی هیدایەت وخێر بۆ خەڵکی، نابێت لە کاتی ووتنی ئەم نزایە ڕوو لە مانگ بکرێت، بەڵکو سونەتە ڕوو لە قیبلە بکرێت لە کاتی نزادا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6177

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee